# لە ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، چی ڕوو دەدات؟

**(بەرگرتن لە کەوتنەوەی کارەساتێکی نیشتمانی، ئەرکی هەمووانە)**

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین**، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**مەتەڵی کشانەوە لە کوێوە دەست پێ دەکات؟**

پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق لە مێژووی سیاسییاندا، هەمیشە لەرزۆک بووە. باشترین ژمارەی ساڵانی پەیوەندیی نێوانیان دە ساڵی تێ نەپەڕاندووە. کاتێ کە عێراق پێویستی بە ئەمریکا هەبووبێ، سازشی لەگەڵ کردووە، بەڵام هەر کاتێ تۆزقاڵێک لەسەر پێی خۆی وەستابێ، شوێنکەوتەیی بۆ ئەمریکا قبووڵ نەبووە. ئەمە گرفتی ئەم وڵاتەیە؛ نە بۆ خۆی دەتوانێ سەقامگیر بێ، نە دەتوانێ حوکمڕانیی خۆی بکات، نە قبووڵیەتی لە هێزێکی دەرەکی سوودمەند بێ. هێزە شیعییەکان تا ئەمریکایان قایل کرد سەددام بڕووخێنێ، سازشی زۆریان بۆ کرد، بە هەموو مەرجەکانی ئەمریکا ڕازی بوون، تەنیا مافەکانی کورد نەبێ. ئەگەر کورد خۆڕاگر و زەبری نەبوایە و دیفاکتۆی سیاسیی قۆناغەکە نەبوایە، بەوەیش قایل نەدەبوون. هەر کە لەسەر پێی خۆیان وەستان، لە تەواوی ئەو سازشانەیان بۆ ئەمریکا پاشگەز بوونەوە و ئێستا بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە دەبێ هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە وڵات دەربکەن.

**لە نێوان عێراق و ئەمریکا لە ساڵی 2008ەوە سێ ڕێککەوتننامە هەن:**

- ڕێککەوتننامەی ئاسایش کە لە ساڵی 2008 مۆر کراوە بە ناوی **SOFA (Status Of Agreement)** کە باس لە چۆنێتیی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە شار و شوێنەکانی عێراق و تەسلیمکردنی دۆسیەی ئاسایش بە هێزەکانی عێراق. ئەمریکا لە شێوازی ئەو ڕێککەوتننامەیە ئەزموونی هەبوو، چونکە هاوشێوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە کە پێشتر لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم لەگەڵ هەر یەک لە ئەڵمانیا و ژاپۆن و کۆریای باشوور مۆری کردووە. ئەو ڕێککەوتننامەیەیش بەسەرکەوتوویی لە ئەرزی واقعدا جێبەجێ کرا.
- ڕێککەوتننامەی **SFA (Strategic Framework Agreement)**کە ناسراوە بە "ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیژی"؛ ئەو ڕێککەوتننامەیە لە 30 بابەت و 31 ماددە پێک هاتووە، کە باس لە چۆنێتیی ڕێکخستنەوە، مانەوە، چالاکییەکانیان و چۆنێتیی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکات. ئەو ڕێککەوتننامەیە دوو بابەتی گرنگی تێدایە کە تا ئێستا ئاماژەی پێ نەکراوە: ڕێککەوتننامەکە لە نێوان ئەمریکا و عێراقدایە نەک هێزەکانی هاوپەیمانان و عێراق؛ ئەوە دوو بابەتی لەیەکدی جیاوازن. هەرچەندە ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بکشێنەوە، گومانی تێدا نییە کە ئەوانیش بەئاسانی دەکشێنەوە. بابەتی دووەم ئەوەیە کە لە دیباجەی ڕێککەوتننامەکە ئاماژە کراوە بە پرەنسیپ و ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پرۆسەی دیموکراسییەت لە عێراق. ئەو پەیوەستکردنەی دۆسیەی عێراق بەو بوارانە لە سوودی حکوومەتی

عێراقی نییە، چونکە یەکێک لە دۆسیەکانی گفتوگۆی نێوان ئەمریکا و عێراق جەنگی دژی تیرۆرە؛ بەتایبەت دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش). لەو بارەیەشەوە چەندان بڕیار و ڕاپۆرتی ئەنجومەنی ئاسایش هەن، کە تەواوی دەوڵەتانی جیهانیشیان پێوە پابەند کردوون.

- لە دوای هاتنی داعش، عێراق لە ئەیلوولی ساڵی 2009 لە ڕێگەی ئیبراهیم جەعفەری کە ئەوکات وەزیری دەرەوەی عێراق بوو، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕای گەیاند: عێراق لەلایەن خۆیەوە پێشوازی لە هەر هاوکاری و یارمەتییەکی هێزەکانی هاوپەیمانان دەکات لە شەڕی دژ بە داعش. پێش ئەو هەڵوێستەی ئیبراهیم جەعفەری، ڕێککەوتننامەی نهێنیی نێوان عێراق و ئەمریکا بە نزیکەی سێ مانگ لە 22/6/2014 گفتوگۆی لەسەر ڕێککەوتننامەیەکی نهێنیی لەگەڵ ئەمریکا کردووە لە کۆتاییی سەردەمی حوکمڕانیی مالکیدا و لە بەڵگەنامەیەکدا کە ئاشکرا نەکراوە بە ژمارە 01328 – 14 مۆر کراوە. ئەمەیش بە ڕێککەوتننامەی سێیەم لە نێوان عێراق و ئەمریکا دادەنرێ، کە هەندێ هەواڵ و زانیاری باس لەوە دەکەن کە ئەو ڕێککەوتننامەیە دەرفەتی زیاتری بۆ ئەمریکا تێدایە بەرانبەر بە ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیژی کە پێش ئەو وادەیە مۆر کراوە؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەندێ زانیاری ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە وادەی ڕێککەوتننامەکە بۆ 16 ساڵە؛ بەو پێیەیش دەبێ تا ساڵی2030 بەردەوام بێت. بەڵام ئەو زانیارییانە تا ئێستا لەلایەن هەردوو وڵاتەوە پشتڕاست نەکراونەتەوە، ئەوەندە نەبێ کە ئێستا حکوومەتی عێراقی داوای گۆڕینی شێوازی کارکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکات، بەڵام بەپێی کام ڕێککەوتننامەیە؟ خۆ ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیژی وادەکەی تەواو بووە! هەر بۆیە گومان لەوەدا نییە کە زیاتر لە ڕێککەوتننامەی SOFA و SFA هەیە و عێراق وا بەئاسانی ناتوانێ خۆیانی لێ قوتار بکا.

**کێ بڕیاری کشانەوە دەدات؟**

هەر لە مانگی ئابی 2023وە بڕیار دراوە گفتوگۆ لەو بارەیەوە بکرێ. ئەو لایەنەی کە ئەو کارەیش جێبەجێ دەکات، لیژنەی سەربازیی باڵایە (Higher Military Commission) کە ناسراوە بە HMC کە لەسەر سێ دۆسیەی سەرەکی گفتوگۆ دەکەن: شێوازی نوێی کارکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، مەترسییەکانی تیرۆر و داعش، ژینگە.

سەبارەت بە پەیوەندییە ئاساییەکانی نێوان دوو سەروەریی دەوڵەت (ئەمریکا و عێراق) هیچ شتێکی نوێی تێدا نییە. ئەو پەیوەندییە بەپێی یاسای کاری دیپلۆماسیی ساڵی 1961 و کاری کونسوڵگەریی ساڵی 1963 ڕێک خراون. هەردوو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکەیش لە جۆری یاسادانەرن (الشارعة)، واتە تەواوی دەوڵەتانی دونیا دەبێ پێوەی پابەند بن؛ بە تایبەت ئەگەر هاتوو دوو دەوڵەت بڕیاری بەستنی پەیوەندیی دیپلۆماسییاندا بێت. جا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەو جۆرە پەیوەندییەی کە باس دەکرێ لەنێوان ئەمریکا و عێراق، دەبێ چۆن بێت؟ حکوومەتی عێراقی باس لەو پەیوەندییە ئاساییە دەکات کە دوو دەوڵەت لە ڕووی دیپلۆماسییەوە دەیبەستن، هەر ئەو پەیامەیش بۆ ڕای گشتیی عێراقی گواستراوەتەوە؛ بەڵام ئەمریکا مەبەستی ئەوە نییە و عێراقیش باش لە مەبەستەکە حاڵی بووە. ئەو جۆرە لە پەیوەندی، سنووری دیپلۆماسییەت تێ دەپەڕێنێ و دەبێتە پەیوەندییەکی ئاسایشیی نێوان هەردوو لا. ئەو شێوازەیش کارێکی نوێ نییە بۆ ئەمریکا، چونکە ئەمریکا تا ساڵی 2000 زیاتر لە 90 ڕێککەوتننامەی ئەمنیی لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان هەیە، لە ناویشیاندا وڵاتانی کەنداو. ئەوەی کە پێشتریش لەگەڵ عێراق مۆر کراوە جۆرێکە لەو

ڕێککەوتننامە ئەمنییە. کەواتە ئەگەر عێراق ئەمریکا بۆ جۆری پەیوەندیی نوێ لە نێوانیان ڕازی نەکات، گومان لەوەدا نییە ئاشوب دەکەوێتەوە. سەرانی عێراقیش باش دەرکیان بەو بابەتە کردووە ئەگەر بە ئاڕاستەی پێچەوانە دژ بە ئەمریکا کار بکەن.

ئەوەندەی کە پەیوەندیی بە دۆسیەی تیرۆر و داعشەوە هەیە، تەنیا پەیوەست نییە بە گفتوگۆی نێوان ئەمریکا و عێراق، بەڵکوو نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەو نێوەندەدایە؛ چونکە بڕیاردان لەسەر نەمانی مەترسی و هەڕەشەی داعش، بڕیارێکە کە ئەنجومەنی ئاسایش دەیدا، نەک ئەمریکا و عێراق. ئەنجومەنی ئاسایش لەبارەی تیرۆر و داعشەوە چەندان بڕیاری دەرکردووە، وەک: **1267/1999**، **1526/2004**، **1822/2008**، **1985** و **1989/2011**، **2178/2014**، **2253/2015**، **2610/2021**، کە هەموویان باس لەوە دەکەن کە چۆن سەرچاوەکانی دارایی و هەڕەشەکانی ڕێکخراوی داعش نەهێڵدرێن. لەلایەن لیژنەی ئەنجومەنی ئاسایشیشەوە کە زیاتر لە بیست ساڵە دەستبەکارە، چاودێریی ڕەوشی تیرۆر و مەترسییەکانی دەکات و هەر نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەپێی بەندی حەوتی میساقەکەی، دەبێ ڕێوشوێنی تایبەت بگرێتە بەر و بەرەی دژەتیرۆریش هەر بمێنێ و بەردەوام بێت. دوای ڕووخانی دەوڵەتی داعش مەترسییەکان هەر بەردەوامن، بۆ نموونە هێرشەکانی داعش لە 2020 – 2023 بەم شێوەیە:

| ساڵ | ژمارەی هێرش | سووریا | % | عێراق | % |
|---|---|---|---|---|---|
| 2020 | 2067 | 608 | 29.4 | 1459 | 70.5 |
| 2021 | 1472 | 359 | 24.3 | 1113 | 75.6 |
| 2022 | 763 | 279 | 36.5 | 484 | 63.4 |
| 2023 | 762 | 279 | 36.6 | 483 | 63.3 |
| **کۆی گشتیی 4 ساڵی ڕابردوو** | **5064** | **1525** | **30.1** | **3539** | **69.8** |

هەرچەندە سوودانی لە 17/1/2024 ڕای گەیاند کە دەرچوونێکی خێرا و ڕێکخراوی هێزە بیانییەکانی دەوێ، لە 15/2/2024 هەمان لێدوانی دووبارە کردەوە و وتی: ئێمە پێویستیمان بە هێزە بیانییەکان نەماوە و جەنگی داعش کۆتایی هاتووە. بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە ئەوەیە: کە کێ بڕیار لەو بابەتە دەدات؟ عێراق بەتەنیا، یان عێراق و ئەمریکا؟ یان عێراق و ئەمریکا و ئەنجومەنی ئاسایش؟ پێ دەچێ بەپێی ئەو هەموو بڕیار و ڕاپۆرتانەی ئەنجومەنی ئاسایش، بژاردەی سێیەم بێت و عێراق بەتەنیا ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ.

کەواتە لە ڕوانگەی ڕاپۆرتەکانی شەش مانگی لیژنەی ئەنجومەنی ئاسایش، مەترسییەکانی داعش و تیرۆر هەر ماون و ساڵانە نزیکەی 25 – 50 ملیۆن دۆلاریش داهاتیەتی، کە دەتوانێ بەو داهاتە خۆی ڕێک بخاتەوە و چالاکییەکانی ئەنجام بداتەوە. لەوەش زیاتر، تەواوی ئەو هێرشانەی کە لە ڕاپۆرتەکاندا هاتوون، لەلایەن داعش خۆیەوە پشتڕاست کراونەتەوە. لە تازەترین پێشهاتیشدا، ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنفڕانسی ئاسایشی میونشن لە 16/2/2024 ئاماژەی بەوە کرد کە: هێشتا مەترسیی داعش بەردەوامە و هەڕەشەکانی نەڕەویونەتەوە.

**ئایا پەرلەمانی عێراقی توانای ئەو کارەی هەیە؟**

دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی، پەرلەمانی عێراق لە 5/1/2020 بە ئامادەبوونی 169 ئەندام پەرلەمان،

بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی هاوپەیمانانی دەرکرد، گەرچی کورد و سوننە لەگەڵ بڕیارەکە نەبوون؛ بەو مانایەی کە بڕیارەکەی پەرلەمان 49%ی نوێنەرانی گەل لایەنگیریيان نەکرد، بەڵام بڕیارەکە هەر دەرکرا. دوای پێکهێنانی کابینەی حکوومەتی سوودانی ئەو بڕیارە کرایە مەرجێکی بەرنامەی حکوومەتی "هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت"، بەتایبەت گرووپە وەلائییەکان. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بوو، بڕیارەکە ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە لە نێوان عێراق و ئەمریکادا هەیە، نە ئاماژەی پێ کرد، نە لە لای خۆیەوە هەڵی وەشاندەوە. لە ئاکامیشدا نە حکوومەت بڕیارەکەی پێ جێبەجێ کرا و نە گرووپە وەلائییەکانیش جەختی زۆریان لەسەر کردەوە، تا هەڵگیرسانی جەنگی غەززە، بەڵکوو چوارچێوەی هەماهەنگی، پەیمانی بە حکوومەتی سوودانی دا کە هێرشەکانیان بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا ڕابگرن. لە دوایەمین هەوڵی پەرلەمانی عێراقیشدا هەر نەیانتوانی تەنانەت ئەو ژمارەیەش کۆ بکەنەوە بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا، کە ساڵی 2020 کۆیان کردەوە، بەڵکوو نەک هەر کورد و سوننە پشتگیریی گەڵاڵەکردنی هەوڵەکەیان نەکرد، گرووپە شیعییەکانیش گەرچی 105 پەرلەمانتار واژۆیان بۆ هەوڵەکە کرد، بەڵام هەر خۆیان تەنیا 83 ئەندام پەرلەمان ئامادە بوون. واتە لە 169 ئەندام پەرلەمانەوە کە ساڵی 2020 بڕیارەکەیان دەرکرد، ئێستا تەنیا 83 پەرلەمانتاری شیعە ئامادە بوون، کە بەراورد بە 2020 لە 51% لە پشتیوانی بۆ دەرکردنی هێزی هاوپەیمانان کەمی کردووە. بەڵام ئەوەی ماوەتەوە کۆمەڵێک گرووپ دەستیان لە هێرشەکاندا هەیە و ئەو گوشارە دروست دەکەن، کە ئەوەیش دیوەکەی تری سیناریۆکەیە.

کەواتە پەرلەمانی عێراقی توانای یەکلاکردنەوەی دەرکردنی هێزەکانی هاوپەیمانانی نییە، چونکە: تا ئێستا 25.2%ی ئەندامانی پەرلەمان پشتگیریی دەکات و تەنانەت خودی "چوارچێوەی هەماهەنگی"یش لەناوخۆیدا لەو بارەیەوە تەبا نین، بۆیە حکوومەت ناتوانێ بڕیارەکەی جێبەجێ بکات. بڕیارەکە نابێتە هۆکاری ئەوەی کە عێراق بتوانێ خۆی لە بەرپرسیارێتییە نێودەوڵەتییەکانی لە بابەتی تیرۆر و داعش قوتار بکات. بەو پێیە بێ، عێراق ناتوانێ بەو ئاسانییە هێزەکانی هاوپەیمانان وەدەربنێ، چونکە لە لایەک ئاسان نییە و لە لایەکی تریشەوە زۆری لەسەر دەکەوێ. بەڵام لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە حکوومەت و پەرلەمانی عێراقی و تەنانەت ئێرانیش مەبەستیان دەرکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان نییە، چونکە باش دەزانن کە بەگران لەسەریان دەکەوێ.

**ئەگەر لۆژیکی عێراقی لەو بارەیەوە بەو شێوەیە بێ، لە بەرانبەردا دەکرێ بپرسین: ئایا ئەمریکا لە عێراق دەردەچێ؟**

وەڵامەکە "نەخێر"ە، چونکە تا هەنووکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێی بایەخی ئەمریکایە و لە کشانەوەیشی لەو ناوچەیە هێزە ڕکابەرەکانی شوێنی دەگرنەوە و بەرژەوەندییەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی دەخەنە مەترسییەوە؛ بەتایبەت ئەوەی کە ئێستا دەگوزەرێ هاوکێشەکان بەرەو هەڵکشان دەچن و گوشارەکان بۆ سەر ئەمریکا ڕوولەزیادبوونن. کشانەوەکە کارئاسانیی زۆر ئێران و ڕووسیا و چین دەکات؛ لە لایەکی تریشەوە ئاسایشی ئیسرائیل دەکەوێتە مەترسییەکی تەواوەوە. ئێستا هێزەکانی ئێران لە بن چیای جۆلاندان و توانای زەبریان لە دەوڵەتی جوولەکە زۆرە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بێئومێد دەکات و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە بە دوای هاوپەیمانێتیی تردا بگەڕێن.

کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق دەبێتە مایەی لەدەستدانی کاریگەری لە تەواوی نیمچەدوورگەی عەرەبی و شامدا، چونکە ئێران نەک هەر لە عێراقە، بەڵکوو هەژموونی لە سووریا و لوبنان و یەمەنیش هەیە.

کشانەوەکە لە عێراق ئەوە دەگەیەنێ کە ئەمریکا لە سووریاش دەکشێتەوە و لە دەوڵەتانی کەنداویش دەکەوێتە مەترسییەوە. لەسەر ئاستی ئابڕووی نێودەوڵەتیی ئەمریکاش، مانای دۆڕان دەبێ لە بەرانبەر ڕووسیا و ئێران و چین و جەنگی دژەتیرۆر و داعش. لە ئاکامیشدا سیستەمی نوێی جیهانی لە هەژموونی تاکڕەویی دەوڵەتانی ڕۆژاواوە بەرەو فرەجەمسەری دەچێ؛ کە ئەمەیش تەواو پێچەوانەی عەقڵییەتی ستراتیژیی ئەمریکایە، کە هەمیشە بە دوای زاڵبوون و هەژموونییەوەیەتی بەسەر جیهانەوە.

بەو پێیە بێ، ئەمریکا بوێریی کشانەوەی نییە لە عێراق و ناوچەکە، چونکە تێچووە سەربازی و ستراتیژی و سیاسییەکەی زۆرە. گومانیش لەوەدا نییە کە عێراقیش دەرکی بەوە کردووە دەرکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان دەیخاتە ناو سێگۆشەیەکی مەترسیدارەوە کە ناتوانێ لێی دەرباز ببێ و بەسەلامەتی حوکمڕانی بکات، چونکە لە کاتی کشانەوەی ئەمریکا، عێراق دەچێتە ناو هەمان خانەی دژایەتیی ئەمریکاوە کە ئێستا لە بەرانبەر ئێران هەیەتی؛ بەتایبەت کە تەواوی هاوکێشە سیاسی و ئابوورییەکانی عێراق ئێستا لە چنگی ئەمریکادان و، عێراق بەرگەی سێ مانگ لە سزا و گەمارۆی ئەمریکا ناگرێت.

کەواتە ئایا بۆچی ئەمریکا تا ئێستا هیچ نییەتێکی لەبارەی کشانەوەی لە عێراق و سووریا نییە؟ چونکە هەر کشانەوەیەک لەو دوو وڵاتە واتای تەسلیمکردنیانە بە ئێران. ئایا لە حاڵەتی تەسلیمکردنیان بە ئێران، ئەمریکا لە بەرانبەردا چیی دەست دەکەوێ؟ تا هەنووکە لەو سەودایەدا ئەمریکا لەوەی کە ئێستا بەدەستییەوەیەتی زیاتری دەست ناکەوێ. کەواتە کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق کارەساتێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە و لێکەوتەکانیشی بەڕوونی دیار نین.

**ئایا ئەگەری کشانەوە هەیە؟ ئەگەر بوو، چۆن جێبەجێ دەکرێ؟**

لەو بارەیەوە دەکرێ سێ سیناریۆ بخەینە ڕوو:

- دەکرێ کشانەوە ڕوو بدا، بەڵام ئەوە نییە کە ئێران دەیەوێ. لەو بارەیەوە سوودانی ڕای گەیاند کە کشانەوەیەکی خێرا و ڕێکخراو و بێگرفتمان دەوێ. هەر بۆیە سیناریۆی یەکەم ئەگەر کشانەوە هەبوو، بە چەند قۆناغێک دەبێت کە ئەمریکا ڕازی بکات. لەو حاڵەتەدا سەرکەوتنی ئێران دەردەکەوێ، بەڵام گەرەنتیی جێبەجێکردنی قۆناغەکانی تری کشانەوەکە ئاسان نییە و لە بەرژەوەندیی عێراق نابێت و هاوکێشەی نوێ دێنە ئاراوە؛ چونکە قۆناغەکان لە بواری جێبەجێکردندا لەساڵێک کەمتر نابن. لەو بارەیەوە یەکێک لە داواکانی ئەمریکا بۆ عێراق ئەوەیە کە دەبێ داوای کشانەوە، پێش یەک ساڵ، پێمان بوترێ.
- گۆڕینی شێوازی کارکردن و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ ڕێککەوتننامەیەکی ئەمنیی نێوانیان؛ هەروەک چۆن ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتانی تری ناوچەکە بەتایبەت کەنداو هەیەتی. بەڵام ئەو ڕێککەوتننامە ئەمنییە، دەبێ دژ بە لایەنێک بێت، ئەویش یان دەبێت ئێران بێت، یان تیرۆر.
- کشانەوە بە هەندێ مەرجی مەحاڵ و ئەستەم؛ بۆ نموونە کشانەوەی ئەمریکا لە بەرانبەر کشانەوەی ئێران لە عێراق و سووریا، کشانەوەی ئەمریکا لە بەرانبەر پیادەکردنی سیستەمی دیموکراتی لە عێراق و دابەشکردنی وڵات بەسەر چەند هەرێمێکی فیدراڵییەوە، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ئیسرائیل، شوێنگرتنەوەی هێزێکی تری هاوپەیمانان لە شوێنی هێزە ئەمریکییەکە.

کەواتە سیناریۆی دووەم لە قازانجی عێراق و ئێرانە، لە هەمان کاتیشدا واقعیترین سیناریۆیشە بۆ ئەمریکا.

**ئایا ئەگەری دووبارەبوونەوەی سیناریۆی ئەفغانستان لە ئارادایە؟**

بەپێی ئەو پێوەرانەی کە لە دیفاکتۆدا هەن، نەخێر. چونکە شوێنگرەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان، ئێران و گرووپە وەلائییەکانن، لە لایەکی تریشەوە خودی هێزەکانی هاوپەیمانان تەواوی هاوکێشەکان یەکلا ناکەنەوە؛ خۆیان گوشاریان لەسەرە و لە هەندێ کاتدا لەژێر ڕەحمەتی هێرشی گرووپەکاندان، ئەوجا خودی کۆمەڵگەی عێراقی و دەوڵەتانی دراوسێی لەگەڵ ئەوەدا نین کە هێزێک لەسەر حوکم بێت، بەرژەوەندییەکانیان بخاتە مەترسییەوە. لە لایەکی تریشەوە ئایا جێگرەوەی گرووپە وەلائییەکان کێ دەبن لە ساتی کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان سەبارەت بە ئەگەری دووبارەبوونەوەی سیناریۆی ئەفغانستان؟ لەو ساتەدا یان "موقتەدا سەدر"ە، یان هێنانەوەی بەعسییەکانە، کە ئەو دوو هێزە لەوانەیە هاوسەنگیی هێز بێننەوە ئاراوە بەڵام توانای حوکمکردنیان نابێت. ئەوەیشمان بیر نەچێت جێگرەوەی بکەرە سیاسییەکانی ئێستای عێراق ناتوانن بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بپارێزن و سەقامگیریی ناوچەیی بنێنەوە.

کەواتە نە ئەمریکا ئەو نیازەی هەیە، نە واقعی عێراقیش لە ئەفغانستان دەچێت تا ئەو سیناریۆیە دووبارە ببێتەوە، بەڵام ئەوەی کە پێ دەچێ ڕوو بدا: کەمکردنەوەی هەژموونی ئەو گرووپانە و ئێرانە بەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە عێراق. ئەوەیش بە جێبەجێکردنی پرەنسیپی فیدراڵییەت و دەستوور و سەرلەنوێ پەرەدان بە گێڕانەوەی هاوسەنگیی هێز بۆ پرۆسەی سیاسیی عێراق، تا عێراق لە جاران زیاتر خاوەنی سەروەریی خۆی بێت.

**لێکەوتەکانی کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق**

**یەکەم: لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان**

لەو بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:

- کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق لاوازبوونی پێگەی دەوڵەتانی ئەوروپای لێ دەکەوێتەوە، لە بەرانبەریشدا چین و ڕووسیا شوێنیان دەگرنەوە.
- کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا و ئابڕوو و ناوبانگی سیاسییان.
- سیستەمی نوێی جیهانی بەرەو فرەجەمسەری دەبات. ئەوەیش ملململانێکان زێتر دەکات و کۆنترۆڵکردنیان ئاسان نابێ؛ ئەودەمیش دەوڵەتانی ڕۆژاوا لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا هێزی یەکلاکەرەوە نابن. لەوەیش زیاتر خودی پێکهاتە و بونیادی ئەنجومەنی ئاسایشیش دەکەوێتە مەترسییەوە و بیر لە گۆڕینی پێکهاتە و شێوازەکەی دێتە ئاراوە.
- دەبێ نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو بڕیارە بدات کە مەترسیی داعش نەماوە و ڕێوشوێنەکانی کە لە ڕابردوودا دەیگرتنە بەر، بیوەستێنێ.
- پێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق لە ئەکتیڤەوە دەبێتە لاوەکی و ناکاریگەر.
- کاریگەریی نەرێنی لەسەر متمانەی هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەکە بە ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژاوا دێتە ئاراوە، یان دوور نییە بە دوای هاوپەیمانێتیی نوێدا بگەڕێن، وەک: چین و ڕووسیا.

**دووەم: لەسەر ئاستی ناوچەکە**

لێکەوتەکانی لەسەر ئاستی ناوچەکە زیاتر پەیوەستن بەو هێزانەی کە لە ململانێدان بۆ هەژموون بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر بۆیە:

- کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان، سەرکەوتنێکی بێوێنەیە بۆ ئێران و چین و ڕووسیا.
- کشانەوەکە تەنیا عێراق ناگرێتەوە؛ واتە دەبێ لە سووریاش بکشێنەوە. ئەمەیش هاوسەنگیی هێز تێک دەدات، تایبەت لە نێوان ئێران و تورکیا؛ چونکە بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ناوچەکە زیاتر لە بەرژەوەندیی تورکیایە. کەواتە بە مانایەکی دی کشانەوەکە هەژموونی ئێران بەنزیکەیی بەسەر تەواوی نیمچەدوورگەی عەرەبی و وڵاتانی شام دەگەیەنێ.
- کشانەوەکە وڵاتانی کەنداو تەواو نیگەران دەکات، چونکە بەو کارە دەکەونە بەر ڕەحمەتی هەژموون و هێرەشەکانی گرووپە وەلائییەکانی ئێران.
- کشانەوەکە دەبێتە مایەی سەرلەنوێ گەشەکردنەوەی تیرۆر لە ناوچەکە.
- ململانێی ناوچەیی نێوان دەوڵەتان زیاتر دەبێ؛ تا ئاستی سەرهەڵدانی جەنگ لە نێوانیاندا.
- ئاسایشی ئیسرائیل بەتەواوی دەکەوێتە مەترسییەوە و هیچ قووڵاییەکی ستراتیژیی نامێنێ، بەتایبەت مووشەکە بالیستییەکانی ئێران، کام پارچەی ئیسرائیل بیانەوێ دەیگەنێ.
- ململانێی ستراتیژیی دەوڵەتان لەسەر ناوچەکە زۆرتر و دژوارتر دەبێ و جەنگە پرۆکسییەکانیش پتر.
- بە کشانەوەی هێزەکان، ئەزموونی "حوکمڕانیی خۆسەری ڕۆژاوای کوردستان" نامێنێ.

**سێیەم: لەسەر ئاستی عێراق**

زۆرترین لێکەوتە لەسەر ئاستی عێراق دەبێت، بۆ نموونە:

- دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا، مانای نەمانی دانوستان و پەیوەندییە ئاساییەکانی نێوانیان دەگەیەنێ.
- عێراق لە ستراتیژییەتی ئەمریکا، وەک ئێران مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.
- تەواوی گرووپە وەلائییەکان لە لیستی تیرۆر لەلایەن ئەمریکا و ئەورووپاوە پۆلێن دەکرێن، ئەمەیش قەیرانێکی نێودەوڵەتی بۆ حکوومەتی عێراقی دروست دەکات؛ چونکە کەم لە دەوڵەتان ئەودەم توانای مامەڵەیان لەگەڵ حکوومەتی عێراقی دەبێ.
- عێراق لەلایەن ئەمریکا و ئەورووپاوە چەندان گەمارۆی بەسەردا دەسەپێ، چونکە وەک ئێران مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، بەتایبەت قەیرانی ئابووری و بژێوی دەگاتە ئاستی ترۆپکە و، کارەسات دەکەوێتەوە.
- دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، زۆرینەی شیعە و گرووپە وەلائییەکان دەبنە مەترسیی ڕاستەقینە بۆ سەر کورد و سوننە؛ ئەودەمیش جەنگی ناوخۆ دێتە بەردەرگا، بارودۆخی عێراقیش وەک مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەژمار دەکرێ. ئەوکاتیش ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕەوینەوەی ئەو مەترسییە هەنگاو دەنێ.
- لە کاتی دروستبوونی ناسەقامگیری و ئاشوب یان جەنگی ناوخۆ لە عێراق؛ بارودۆخەکەیش بۆ

شەڕی ناوخۆ لە ئارادایە و زیاتر لە 4.5 ملیۆن پارچە چەک لە دەست خەڵکدایە. پەیوەندییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانیش وەک خۆی نامێنێ؛ بۆ نموونە کورد بە فیدراڵییەت ڕازی نابێ، بەڵکوو داوای کۆنفدراڵییەت دەکات، سوننەیش داوای فیدراڵییەت دەکەن، یان لەوانەیە لەلایەن ئەمریکاوە پرۆژەیاسای ئەنجومەنی پیران جارێکی تر ئەکتیڤ بکرێتەوە؛ ئەو یاسایەی کە لە 26/9/2007 لەلایەن ئەنجومەنی پیرانەوە بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێم دەرکرا بە 75 دەنگ لە کۆی 100 ئەندامی ئەنجومەنی پیران. ئەویش بەو بیانووەی کە دابەشکردن باشترین ڕێگەچارەی سنووردانانە بۆ ئاشوب و توندوتیژی. ئەو ئەزموونەیش لە جەنگی یوگسلاڤیا جێبەجێ کرا و ئەو وڵاتە دابەش کرا بۆ چەند دەوڵەتێکی نوێ و توندوتیژییش کۆتایی هات. کەواتە هەر توندوتیژییەک بکەوێتەوە، لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی عێراق نابێ.

- کشانەوە مانای سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی داعش دەگەیەنێ. هێزەکانی عێراقیش توانای بەرەنگاربوونەوەیان نییە، چونکە ئەودەم ئەمریکا نە کۆمەکی ماددی و نە کۆمەکی لۆجیستییان دەکات، بەڵکوو دوور نییە ناڕاستەوخۆ ئاسانکارییش بۆ هەندێ جووڵەی داعش بکات.
- کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، مانای کۆتاییهاتنی ململانێکان نییە، چونکە هێزێکی تر دەبێتە جێگرەوەی ئەمریکا: چین و ڕووسیا و ئێران. بەو شێوەیەیش عێراق خاوەنی سەروەریی خۆی نابێت و گرفتەکانی بەردەوام دەبن.
- دوای کشانەوەی ئەمریکا، گرووپە چەکدارییە وەلائییەکان بەئاشکرا و ڕاستەوخۆ دەست بەسەر حکوومەتدا دەگرن. ئەمەیش قەیرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی لێ دەکەوێتەوە.
- لە لایەکی تریشەوە، بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئەگەری ململانێ و شەڕی نێوان گرووپە شیعییە وەلائییەکان و عێراقییەکان لەناو خۆیاندا زیاتر دەبێ، تا ئاستی جەنگی ناوخۆی شیعی-شیعی.

**چوارەم: لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان**

هەرێمی کوردستان لەو نێوەندەدا دووچاری زەرەری گەورە دەبێ، چونکە:

- پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی لەلایەن بەهێزترین دەوڵەتی دونیا لە واقعی کردار لەدەست دەدا.
- مەترسیی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی نێوان هەرێم و ملیشیا وەلائییەکان دەبێتە دیفاکتۆ.
- گرووپە وەلائییەکان و خودی ئێران، لە کاتی دروستبوونی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی نێوان هەرێم و بەغدا، هەرێم دەکەنە غەززەیەکی دی.
- حکوومەتی عێراقی تەواوی هەرێم لە ڕووی سیاسی و ئابووری و هێزەوە گەمارۆ دەدا؛ ئەودەم هەرێم هیچ جووڵەیەکی نێودەوڵەتیی نامێنێ.
- هێزە شیعییەکان کار لەسەر نەهێشتنی ڕاستەوخۆی هەرێم دەکەن و نایهێڵن.
- پارتی دیموکراتی کوردستان بەتەنیا و بێ پشتیوانیی نێودەوڵەتی، دەبێ ڕووبەڕووی گوشارە ناوخۆییەکانی هەرێم و عێراق و ئێران ببێتەوە.
- پرسی کورد لە عێراق پاشەکشەیەکی تراژیدیایی چاوەڕێی دەکات، کە قەت لە مێژووی سیاسیدا بەخۆیەوە نەبینیبێ.
- نەمانی کۆمەکی و پشتیوانی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان.
- حکوومەتی عێراق کار لەسەر نانەوەی ئاشوب دەکات، تا لەوێوە دوو ئامانج بپێکێ: کشانەوەی

کونسوڵخانە بیانی و نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان لە هەرێم، دروستکردنی گرفت بۆ وەبەرهێنان و بازرگانیی هەرێم.

- لە ئاکامدا لەلایەن دادگەی باڵای فیدراڵییەوە بڕیار لە چارەنووسی هەرێم دەدرێ.

**پێنجەم: لەسەر ئاستی هێزە سیاسییەکان**

هێزە سیاسییەکانی عێراق و هەرێم دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، گۆڕان لە بارودۆخیان پەیدا دەبێت، وەک:

- لۆژیکی هێز دەبێتە بنەمای پەیوەندییە سیاسییەکان و حوکمڕانی لە عێراقدا.
- ئەجێندای مەزهەبی لەوەی ئێستا زۆرتر دەبێ.
- بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان، هەر یەکەو هێزێکی دەرەکی وەک پشتیوان و پارێزەر بۆ خۆی پەیدا دەکات.
- پەیوەندییە سیاسییەکان لەگەڵ یەکدی زیاتر شوێنکەوتەیی دەبێت؛ پڕەنسیپی "لەگەڵ مندای یان دوژمنمی" دێتە ئاراوە.
- تاکە مەرجەعییەت بۆ تەواوی حزبە سیاسییەکان دەبێتە ئێران، چونکە ئێران ئەودەم قسەی کۆتایی لە پرۆسە سیاسییەکە و بکەرەکانی دەکات.
- بەشبەشێنە لە پۆستەکانی دەسەڵات لە ئێستا زۆرتر دەبێ؛ هەر حزبەو بۆ دەستکەوتی خۆی خەبات دەکات و گەندەڵییش لە ترۆپکدا دەبێت.
- لەژێر گوشاری لایەنە شیعییە وەلائییەکان، کورد و سوننە پەراوێز دەخرێن؛ هەر بۆیە بەپێچەوانەوە کورد و سوننە پەنا دەبەنە بەر هەموو هۆکارەکانی خۆپاراستن لە حوکمی زۆرینە.
- شێوازەکانی ململانێی سیاسی لە عێراق زیاتر دەبن، وەک: نەتەوەیی، سیاسی، مەزهەبی و هتد.
- تۆڵەسەندنەوە و تیرۆر زیاتر دەبێت، لەوەی کە ئێستا عێراقی تێدایە.
- گرووپە وەلائییەکان زیاتر لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سەرەداوە سیاسی، ئابووری و چەکدارییەکاندا دەبن، تا کۆنترۆڵی دەسەڵات و کۆمەڵگە و پرۆسەی سیاسی بکەن.

**شەشەم: لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی عەرەب و ئیسرائیل، بەتایبەت عەرەبستانی سعوودی**

کشانەوەکە تەنیا پرۆسەی سیاسیی عێراق لێی زەرەرمەند نابێ، بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاتێکی زۆری پێ دەچێ تا ستایلێکی تری سیاسیی تێدا سەقامگیر دەبێ؛ بەڵام تا ئەو کاتە ئاشوبێکی بێوێنە دێتە ئاراوە. لەو بارەیشەوە بۆ نموونە پەیوەندییەکانی عەرەب ئیسرائیلە، چونکە:

- کشانەوەکە ئاسایشی ئیسرائیل دەخاتە مەترسییەکی جدییەوە، چونکە ئیسرائیل بە نفووزی ئێرانی لە لوبنان و سووریا و عێراق گەمارۆ دەدرێ و لە هەرسێ وڵاتەوە توانای بەئامانجگرتنی ئیسرائیلیان دەبێت.
- لاوازبوونی ئەمریکا لە ناوچەکە، ئاستی پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە بە ئیسرائیلەوە لاواز دەکات.
- کشانەوەکە هەڵکشان بەرەو جەنگی ئەمریکا و ئێران نزیک دەکاتەوە، چونکە ئاستی پشێوییەکان لەگەڵ ئیسرائیل بەرەو هەڵکشان دەچآ و ئەگەری جەنگی ئیسرائیل لەگەڵ ئێران یان حزبوڵڵای

لوبنانی زۆرتر دەبێ. هەر کاتێکیش ئیسرائیل چووە ناو جەنگەوە، بەناچاری دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەمریکا دەخزێنە ناوییەوە و پشتیوانی لە ئیسرائیل دەکەن.

- سعوودیا لە دووڕیانێکی دژواردا دەبێ؛ نە دەتوانێ پاڵ بداتە ئێران بەتەواوی، نە دەتوانێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایی بکاتەوە، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە دەرفەتێک لە بەردەم سعوودیادا هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل؛ ئەویش دروستبوونی "دەوڵەتی فەڵەستین"ە.

**کورد دەبێ چی بکا؟**

- پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا زیاتر بۆ موزایەدەیە؛ تەنانەت خودی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لەو بارەیەوە کۆک نین.
- دەبێ هەرێم خۆی بپارێزێ، چونکە هەندێ لایەنی وەلائی مەبەستیانە بیانوو دروست بکەن تا بەغدا و هەرێم نەگەنە ڕێککەوتنی کۆتایی.
- کورد دەبێ لەوە تێ بگا کە بابەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا سیناریۆیە و جۆرێکە لە گوشار بۆ سەر ئەمریکا، تا بە ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ ئێران ڕازی بێ؛ لە هەمان کاتدا ئاماژەی ئەوەیە کە بارودۆخی ناوخۆی ئێران لەوپەڕی خراپیدایە و بەرەو تەقینەوە دەچێ. هەر بۆیە ئێران ئەو هەوڵە دەدات؛ تەنانەت ئەگەر شێوازی کارکردنی هێزەکانی ئەمریکا بەو شێوازەی کە هەیە کەمتر ببێتەوە، لە بەرژەوەندیی ئێران ئەژمار دەکرێ.
- دەبێ خۆی لە هەموو جۆرە جەنگێک بپارێزێ، بەتایبەت پرۆکسییەکان.
- بوونی دیپلۆماسییەتێکی هاوسەنگ و قۆناغ بە قۆناغ.
- قۆستنەوەی هەموو دەرفەتە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکان؛ چونکە ڕێگە بە گەمارۆدانی دەگرێ کە لەلایەن بەغداوە دژی دەکرێ.
- ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، بەتایبەت لە بابەتی بوودجە و مووچە.
- دەبێ سەرۆکایەتیی هەرێم وەک مەرجەعێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی بەهێز، بمێنێتەوە.
- نابێ پشتیوانی لە هیچ هەوڵێک بکات بۆ دەرکردنی هێزە هاوپەیمانەکان لە عێراق؛ چونکە نابێت کورد بەدەستی خۆی بڕیار لە نەهێشتنی پشتیوانیی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بدات، کە بەهێزترین بنەمای پرسی کوردە لە عێراق.
- بوونی هەماهەنگی لەگەڵ سوننە، بەتایبەت ئەوانەی کە وەلائی نین بۆ ئێران؛ چونکە لاوازبوونی ئەو بەرەی سوننە، دواتر لاوازبوونی هەرێمیشی لێ دەکەوێتەوە.
- گەڕانەوە بۆ پەرەدان بە یەکڕیزی و ڕێککەوتنی نیشتمانی لە هەرێم، بەتایبەت لە نێوان یەکێتی و پارتیدا.
- لە ساڵی 2024 هەرێم دەبێ دوو پرسی نیشتمانیی ستراتیژی یەکلایی بکاتەوە بۆ خۆی: هەناردەکردنەوەی نەوت و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و ئەنجومەنی پارێزگاکان.
- پاراستن و بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئێران؛ لە هەمان کاتیشدا گەیاندنی ناڕەزایی و نیگەرانییەکانی هەرێم بە کۆماری ئیسلامی سەبارەت بەو ناهەقییانەی کە دژ بە گەلی کوردستان دەکرێن لەلایەن هەندێ لایەنی دەوڵەتی ئێران، یان لەلایەن چەندان گرووپی وەلائیی سەر بەو لە عێراق.

- هەوڵدان بۆ گرتنەبەری سیاسەتی بێلایەنی لەناو ئەو بارودۆخە ناهەموارەدا؛ چونکە هەندێ لایەن لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە خوازیاری خزاندنی هەرێمن بەرەو ئاشوب و جەنگ.
- خۆئامادەکردنی پێشوەختە بۆ هەر هاوکێشەیەکی نەخوازراو؛ چونکە ئەوەی کە لە هاوکێشەکان بەئاکام گەیشتووە، جەنگ لە پێش دەرگەیە، بەڵام چەند ساڵی تر دەقەومێ، دیار نییە، بەڵام ئاماژەکان بۆ 5- 10 ساڵی تر دەچن.